# رۆژی  رۆژنامەگەری کوردی 22 نیسان 1898

## 108 ساڵ خەبات لە پێناوی ووشەی کوردی دا




کردستان

یەکەم رۆژنامەی کوردی هەر دەبوایە ناوی کوردستان بێت ، بۆ ئەوەی [ ئیدنتێت ] هەویەی{ناسنامەی} کوردستان ئاشکرا بکات و بە خەڵکی بڵێ دەوڵەتێک هەیە ، خاوەنی خاک و نیشتمانی خۆیەتی ،خاوەنی زمان وئەدەب و فەرهەنگی خۆیەتی ، کەچی داگیرکراوە و دابەشیش کراوە...ئەو هاندانە وای کرد میقداد مەدحەت بەدرخان ناوی رۆژنامەکەی بکاتە کوردستان...لەبەر ئەوەی کوردستان خاوەنی کوردستانی داگیرکراو و دابەش کراوبوو ، بۆ دەرکردنی تەنها 31 ژمارە ، کوردستان لە قاهیرە ـ جنێف ـ لەندەن ـ فولکستۆن ـ جنێڤ دەرچوو...ئەو هەموو گۆزە گۆزە کردنە تەنها بۆ دەرچوونی 31 ژمارە کارێکی ئاسان نەبووە کە نەوەی بەدرخانیەکان پێی هەستاون ، جێگای سوپاس و رێزن...دەربارەی رۆژنامەگەری و رۆژنامە گەلێک جار وتار و بابەتی بە نرخ بڵاوکراوەتەوە و نووسراوە ، هەر لەو نوسینانە رەنگدانەوە و کاردانەوەی ئەو پیشەیە نیشان دەدرێت کە چەند کارێکی نرخدارە لە پێناوی خزمەت کردنی مرۆڤایەتی و چۆن روح و گیانی دیکتاتۆر و دەسەڵاتداری تۆقاندووە و هەردەم رووی ناشرینیان ئاشکرا دەکات...بگرە بە شەهید کردن و لەناو بردنی چەند ژۆڕنالیستەکیش هێشتا چەندی تر بەردەوامن لە پێناوی گەیاندنی دەنگی راستەقینە...هەربۆیە رۆژنامەگەری یا رۆژنامەنووسی ناونراوە دەسەڵاتی چوارەم ئەگەرچی تەشریعی / تەنفیذی / قضائی هەر دەبێ خۆی لەو رۆژنامە و ژۆڕنالیستانە بپارێزی ئەگەر بێت و نارێک و نادیموکرات و نا بەجێ بن...ئەگەر مێدیا پێشکەوتوو بێت واتە کۆمەڵگاکە پێشکەوتووە...لە هەر وڵاتێکی پێشکەوتوو رۆژنامە و گۆڤار و مێدیا دەوری هۆشیاری دەبینن ...لە ستۆکهۆڵم بەیانیان دوو رۆژنامە بەلاش دابەش دەکرێت...جگە لەوەی دەنگوباس و بەرنامەی تەلەفیزیون و بەرنامەی شانۆ و سینەما و ...هتد تێدایە ئەوا رێکلامیش کە بەشی سەرەکی خەرجیەکەیەتی تێدایە ، تۆ کە دەچیە سەرکار ماندوو و خەواڵۆش بیت هەر چاوێکی پێدا دەخشێنی جا رەنگە هەر بۆ جوانیش بێت...گەلۆ لە کوردستانی خۆمان کە لەساڵی 1992 پەرلەمانیش هەڵبژێردراوە سەعات چەند رۆژنامەی بەیانیان و ئێواران دەکەویتە بەرچاوی خوێندەواری کورد...ئەرێ رۆژنامەگەری لە کوردستانی ئەمڕۆ دەسەڵاتی چوارەمە...دەوێری باسی گەندەڵی و گیرفانی کادیرانی حیزب وەزیران بکات...ئەی بۆ زلحیزب وەکو سەگی بەردەرگا دەستەمۆی کردووە و بەکەیفی خۆی فێرە جنێوی کردووە...ئەرێ کێ قیزی دەهات ئەو رۆژنامە روو زەردانە بخوێنێتەوە کە دەربارەی یەکتر و دژی یەکتر دەیانووسی لەکاتی شەڕی شوومی

ناوخۆ و براکوژی...مامە و کاکە شوکور یەکتریان ماچ کردوو و پێک هاتنەوە ئاخۆ رۆژنامەنووس و نووسەرەکانیش یەکتریان ماچ کرد و پێکهاتنەوە هەتا دەنگیان بکەن بەیەک ماسمێدیا و تەنها خزمەتی میللەت و نیشتمان بکەن...رۆژنامەگەری دەبێ دەوری سەرەکی خۆی ببینێ بۆ ئەوەی ببێتە ئەو چاوە خاوێن و پاکە هەموو کارێکی دزێو و ناشرین قاوبدات و لێی بکاتە هەرا بە شێوەیەکی یاسایی و دروست و راست...دووربێت لەو چاوە پیسانەی کە تەنها ئێرەیی و بەخیلی دەبات و رەخنەی تێکدەر و دەوری جنێو دەبینێ...دەبێ رۆژنامەنووس دڵسۆزی ئەو ووشانە بێت کە دەینووسێ...ئێستاکە وا خەریکە یەک حکومەت لەنێوان دوو سەرکردە دابمەزرێ...وا خەریکە یەک حکومەت بەبێ ئابووری و دارایی و هێزی پێشمەرگەی یەکگرتوو دابمەزرێ ،گەلۆ ئەی بۆ ئەو رۆژنامەنووس و رۆژنامانە سەمای یەکگرتنەوە دەکەن ،دەبێ من لێرە لەو دووریە دووناوەندی بڕیار یەکێتی و پارتی و دوو جۆری سەرکردایەتی ببینم کەچی ئەوانەی ناوەوە هەمووی بەیەکگرتوو ببینن... ئەی رۆژنامەنووسان با سەندیکای رۆژنامەگەری دەستەی بەڕێوەبەری بە لیست نەبێت بە هەڵبژاردن بێت ، هەتا سیاسیەکانیش چاو لە ئێوە بکەن...رۆژنامەی خەبات و رۆژنامەی کوردستانی نوێ با جار جارە بابەتەکانیان بگۆڕنەوە یان لاپەڕەیەک تەرخان بکات بۆ بڵاوکردنەوەی نووسینەکانی هاوکارەکانی بۆ ئەوەی چاوی خوێندەوارانی خەبات و کوردستانی نوێ بەیەکتر شاد بکاتەوە...با ژۆڕنالیستەکانی کەناڵی ئاسمانی کوردسات و کوردستان تیڤی و زاگرۆس هەفتەی جارێک بەرنامەی تێکەڵاو بکەن هەتا ئەوانەی سلێمانی هەر کوردسات سەیرنەکەن و ئەوانەی هەولێر هەر کوردستان تیڤی ...با جارێک مام جەلال ببێتە هەواڵی یەکەم لە کوردستان تیڤی و ئینجا کاک مەسعود دووەم و با کاک مەسعودیش ببێتە هەواڵی یەکەم لە کوردسات و ئینجا مام جەلال دووەم...دەبا چاڵاکیەکانی سەرکردایەتی پارتی لاپەڕەی یەکەمی کوردستانی نوێ بێت و چالاکیەکانی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانێش لاپەڕەی یەکەمی خەبات داگیر بکات ...با خەبات باسی کەموکوڕی شاری سلێمانی بکات و کوردستانی نوێش باسی دهۆک و هەولێر...ئەمانە هەمووی ئەرکی ژۆڕنالیستەکانە بەڵام بەبێ جنێو و ناوی دایک و باوکی یەکتر هێنان...بۆمن گرنگ نیە مامە و کاکە چی دەخۆن بۆمن گرنگە بزانم خواردن لەبازار بەنرخی گونجاو دەفرۆشرێ یان بە دزی و فێڵبازی...بۆمن گرنگ نیە مامە و کاکە کامە ئۆتۆمۆبیل لێدەخوڕن ، بۆمن گرنگە ئایا خەڵک بەنزین و نەوتی دەست دەکەوێ...هتد...ژۆرنالیستەکان ئەرکی زۆر پیرۆزی میللەتیان لەسەر شانە ئەگەر جێبەجێی بکەن بۆ ئەوەی ئەو میللەتە هۆشیار ببێتەوە... دەبێ قەڵەم لەگەڵ جەماوەر راست گۆ بێت...هەر پیرۆزە کاری رۆژنامەگەری جا لە کوردستان بێت یان لە جیهاندا...سەری رێز و نەوازش بۆ ئەو ژۆڕنالیستانە دادەنوێنم کە لە پێناوی پەیڤی راست گیانیان بەخشی...

فــەهــد گــردەوانـی 2006/4/21ستۆکهۆڵم